# ئایا گۆڕانکارییەکانی داهاتوو عێراق بەرەو کوێ دەبات؟

**هۆشیار عەبدلرەحمان**



لە ئەنجامی ئەو فشارە زۆرەی خراوەتە سەر حکومەتەکەی نوری مالیکی لە لایەن (بۆشی ) سەرۆکی ئەمریکاو ئیدارەکەیەوە، کە بووەتە هۆی ململانێیەکی توند لە نێوان ئەمریکاو عێراقدا کە نارەزایەتی لە لایەن نوری مالیکی و شیعەوە بە گشتی لێکەوتەوە. نوری مالیکی لە لایەن خۆیەوە تێکچوونی ڕەوشی زیاترو ئاڵۆزبوونی ئاسایش و ئارامی و سیاسی شاری بەغداو چەند شارێکی تریشی خستە ئەستۆی هێزی سوپای ئەمریکاو فرەرەگەزەکان کە هەندێ جار لەمپەر لەبەردەم بڕیاری حکومەتی عێراق دروست دەکەن بۆ کۆنترۆڵکردنی ڕەوشی ئەمنی و لێدانی میلیشیا چەکدارەکانی ناوخۆی عێراق، لە ئەنجامی ئەو ئاگادارکردنەوەی نوری مالیکی و حکومەتەکەی لە لایەن ئەمریکاوە، کە ئەگەر تا دوو مانگی تر چارەسەرێک بۆ ڕەوشی ئەمنی و ئاسایشی عێراق و کارە تیرۆریستییەکان و لێدانی میلیشیا چەکدارەکان نەدات، ئەوا ئەمریکا ناچار دەبێت هەڵوێستێکی توند لەبەرامبەریدا وەربگرێت. بۆیە نوری مالیکیش لەیەکەم کاردانەوەیدا وەڵامی وڵاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکای دایەوەو وتی: من پیاوی ئەمریکا نیم و دۆستی ئەمریکام و ئەمریکاش بۆی نییە دەستێوەردانی حکومەتێکی نیشتمانی هەڵبژێردراو بکات و خشتەی زەمەنیش بۆ ئێمە دابنێت. ئێستا بەهۆی ئەو مەسەلە حەساسەی هەڵبژاردنەوەی کۆنگرێسی ئەمریکاوە بەڕێوەدەچێت، دەبینین ململانێیەکی توند لە نێوان کۆمارییەکان و دیموکراتەکان بەڕێوەدەچێت و نزیکەی ١٢ ساڵە لە کۆنگرێس بە زۆرینەی کۆمارییەکان پاوەنکراوە، بۆیە مەسەلەی عێراق و سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا بووەتە دوو تەوەری گرنگ و بۆ بردنەوەی هەڵبژاردنەکانی کۆنگرێسی ئەمریکا. ئێستا زیاتر دیموکراتەکان هێرش و رەخنەکانیان بۆ سەر کۆماری و ئیدارەکەی (بۆش) ئەوەیە کە پاشەکشە بە سوپاکەیان بکەن و چیتر سامانی وڵاتەکەیان و سەربازەکانیان بە کوشت نەدرێت. دیموکراتەکان لە هەڵمەتی پروپاگەندەکانیان بۆ بردنەوەی کورسییەکانی کۆنگرێس داوا دەکەن ئەمریکا بە پێی خشتەیەکی دیاریکراو و روون پاشەکشە بە سوپاکەیان بکەن، وە لەبەرامبەردا کۆمارییەکان و (بۆشی) سەرۆکی ئەمریکاش لەسەردانەکانیدا بۆ چەند ویلایەتێک بەراشکاوانە بە جەماوەرەکەی خۆی گوت: لە دیموکراتەکان بپرسن و پێیان بڵێن بەرنامەتان چییە بۆ داهاتوو؟ ئەگەر پاشەکشە بە سوپاکەمان بکەین دەزانن چی روودەدات و ئەو پەیامەی بە خەڵکی عێراقمان دابوو هیچ بڕوایەک لەنێوانماندا نامێنێت و گەورەترین دەرفەتیش بۆ تیرۆریستەکان دەرەخسێ، بە کەیفی خۆیان تەراتێن لە عێراقدا بکەن و شەڕی ئەهلی هەڵگیرسێنن و ناوچەکە بشێوێنن. ئایا ئەگەر پاشەکشەمان بە سوپاکەمان کرد بەم پێکهاتەی ئێستای سوپاو پۆلیسەوە لە عێراق دەتوانن کۆنترۆڵی ڕەوشی سیاسی و ئارامی ئاسایش بکرێت، بێگومان نەخێر، کەواتە تارادەیەک دەتوانین بڵێین دیموکراتەکان لە ئەمریکا بەرنامەکانیان بۆ تەوەری عێراق تا ئێستا نارۆشنە، ئەوەی ئێستا لە عێراق دەگوزەرێت شەڕێکی لەسەرخۆی تائیفی و مەزهەبی بە خشکەیی لە ناوەڕاست و باشووری عێراقدا هەیەو ئەم بەردەوامییەش هەموو خەڵکی عێراق بەجارێک بێ ئومێدو نیگەران کردووە لە داهاتوو. بۆیە هەست دەکرێت بەم دواییانە ئەمریکاش کەوتووەتە خۆی لە بەرامبەر ئەو رەخنە زۆرانەی کە لێیان دەگیرێت، دەبینین داڕێژەرانی سیاسەتی ئەمریکاو ئەو لیژنەیەی بە سەرۆکایەتی جیمس بیکەر رەوانەی عێراق کران لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆو سەردانە مەیدانییەدا، سێ پێشنیاریان بۆ ئیدارەکەی بۆش بەرزکراوەتەوەو پێیانوایە بۆ ئەوەی سنورێک بۆ ئەم ڕەوشە ناهەموارەی عێراق دابنرێت. یەکەم پێشنیار ئەوەیە عێراق بکرێتە سێ فیدراڵی بەهێزو مەرکەزیش خاوەنی سامانی نەوت و پارێزگاری لە سنووری حکومەتی فیدراڵی بکات و یاخود سێ هەرێمی کوردی و شیعی و سوننی دروست بکرێت، یاخود ئەفسەرێکی سوپای کۆنی عێراق بهێننەوەو حوکمی عەسکەرتاریەت بۆ عێراق بگێڕنەوە ئەمەش لەگەڵ بانگەشەی ئەمریکا بۆ دیموکراسی و ئازادی نایەتەوە. ئەو پرسیارەی لێرەدا سەر هەڵدەدات ئەوەیە ئەگەر سوپای ئەمریکا پاشەکشە بکەن لە عێراقدا، ڕەوشی سیاسی و ئاسایشی هەرێم بەرەو کوێ مل دەنێت، ئایا هەڵوێستی دەوڵەتانی ئیقلمی و ڕێکخراوە عەرەبیە سوننی و شیعەکانی عێراق بەرامبەر مافە سیاسی و داخوازییەکانی گەلی کورد چۆن دەبێت؟ ئایا سەرکردایەتی سیاسی کورد لە محافلی سیاسی و نێودەوڵەتیدا توانیویەتی قەناعەت بەو نێوەندە نێودەوڵەتیانە بهێنێت کە چارەسەر نەکردنی دۆزی کوردو ڕەوشی رۆژهەڵاتی ناڤینیش دەخاتە مەترسییەوەو پرۆژەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی گەورەش هەڵدەوەشێنێتەوە کە ئێستا ئەمریکا ئیشی لەسەر دەکات. کەواتە ئێستا کارتی گرنگ بەدەست سەرکردایەتی سیاسی کوردەوەیە، بۆیە دەبێت ئەم کارتانە لە کاتی خۆیدا بەکاربهێنرێت، کە دەبینین پێشنیار دەکرێت هێزی کوردی بەشداری لە پاراستنی ڕەوشی ئەمنی و ئارامی عێراق دا بکات. ئەمەش نیشانەی بەهێزی و کاریگەری کوردە لە هاوکێشەکاندا.

# نامەیەک بۆ هەردو سەرۆکا بارزانی و تالەبانی دژی عەبدوڵڵا گول

**فەهمی سلێڤانەیی**

جهێ داخێیە کو ئیرۆ سیاسەتمەدارێن مە، تەنها زمانێ نەرمێ دبلۆماسی بۆ خوە کرینە چەکێ بەرخودانێ! دوێ گومانێ دانە کو زمانێ چەکی بنعەرد بکەن و بکارێن دبلۆماسی و دیالۆکێ چارەسەری یا بارودۆخێ خوە بکەن. براستی بۆچۆنەکا شارستانی و مرۆڤایەتی یە، بەلێ رویدانێن رۆژانەو دیمەنێن دل تەزین ژلایێ شەرخوازو تەرۆریستانڤە ل ئالییەکێ و ململانا چەکێ ئەتۆمی ل ئالیێ دن، زاناو نەزان بێ ئومێدکرن ژچەکێ دبلۆماسی و دیالۆکێ. ژبەرڤێ ئەگەرێ ئەز دخوازم ئێکسەر نامەیەک بۆ هەردو سەرۆکا بارزانی و تالەبانی دژی عەبدوڵڵا گول بنێرم و دناف لابەرێن هەفتەنامەیا (رۆژی گەل) دە چەند باوەشینەک و رەخنەیەک ئاراستەی جەنابێ وان بکەم، کو بەرسڤەک توند نادەنە سەر لێدوانێن (عەبدوڵڵا گوول) و چەند ریڤەبەرەکێن لەشکەرێ تورکیا.

سەرۆکێن خوەشتڤی، رێزداران بارزانی و تالەبانی ئیرۆ هوین سەرۆکێن کوردستانێ و عێراقێ نە، جهێ شانازی و سەرفرازی یا تەڤایا نەتەوا کورد و کوردستانێ یە لهەر چارپارچاو هەمی جیهانێ کو ئیرۆ ئەم گەهاینە ڤێ قۆناغێ، ئەفجا نەحەزو دوژمن بۆخوە چ پروپاگندا بکەن، مفای وەرناگرن و دیرۆکێ بەرەوپاشڤە نەشێن ڤەگێرن، بەلێ نابێ هوین خوە بێدەنگ بکەن و هیچ بەرسڤێ لسەر هەرەشەیێن سەرکردەیێن تورکیا نەدەن، لڤێ داوییێ بشتی دچەند لێدوانەکاندە عەبدوڵڵا گول هەردو سەرۆکێن کورد بسێ خالا گونەهبارکرن و ئاشکراکرن کو لەشکەرێ ئەمەریکا دێ ژ عێراقێ بارکەت و چیت، بەلێ تورکیا مایەو دێ بەرامبەری کوردا راوەستن دباشورێ مەزنێ کوردستانێ دە، ئەوژی ژبەر (ئیتماعا) وان لسەر کەرکوک و دەولەتا سەربەخۆو پالپشتی یا پەکەکە. دیسان نمونە لسەر سلۆبۆدان میلۆسۆڤیچ ئینا کا ب چلەکێ یا خوە ئەو گەهانە چ قۆناغ، یا فەرە هەردوو سەرۆک بەرسڤەک هشکتر بدەن و ئامۆژگارییێ بدەنێ کو چارەسەری یا بارودۆخێ خوە بکەن و هندەک بیر بکەن و بزانن کو کوردستان و عێراق نە سوریەیەو ئیرۆ نەوەکو دوهی یە دەما کو تورکیا بهاریکاری یا ئەمەریکا ئۆجەلان ژسورییە دەرکرین و دەستگیرکرین، ئەمریکیان لە بیرە کا کی دژ بوو کی دگەل دابو بەرامبەری رۆخاندنا مەزنترین دکتاتۆرێ جیهانێ سەدام حوسێن.

دڤێ چەرخێ زێرینی دە ئەمەریکا بهتر موحتاجی بکوردا هەیە ل هەرچارپارچا، نەک تورکیاو میزانا بەرژەوەندیێن کەڤن دگەل ئیرۆدا هاتییە گهوهارتن. دیسان عەبدوڵڵا گول پێویستی بئامۆژگاریان هەیە کو ئاگا ل بەرژەوەندا تورکیابن نەک عێراق، ئەگە هاتوو بەرۆڤاژی بەرژەوەندێن ئەورۆپاو وان بریارێن کو داینە بەرچاڤێن وان خال بخال پێگیریێ پێ نەکن، دێ کەڤنە دچەپەرێ کەمپا ترۆریستان دەو دێ عەبوڵڵا گول گورا خوە بدەستێ خوە کۆلیت و کەفتە شوپا دکتاتۆرێ بەغدا، دیسان یافەرە کو گول و لەشکەرتاریا وی باش بزانن ئەگەر هاتوو دەست درێژییەک لسەر خاکا کوردستانا رزگارکری کر، هەرچارپارچە دێبنە گرکان و دبن پێتواندە پەڤن و ئەو خاکە دێتە گۆرستان بۆ وان و بەلکی تەڤایا خەلکێ جیهانێ ببینن و شۆرەشا ڤیەتنامێ بەرامبەری وێ بەرخودانێ بشۆرشەکا لاواز بینە زمان. زۆر پسیار هەنە خوە دێننەگۆرێ، یەک ژوان ئەوەکو عەبدوڵڵا گول بزانت تەڤایا خەلکێ جیهانێ دوێ دەمێ دە دێ دژی لەشکرتاری یا وان لسەر کوردستانێ و ئەودەم دێ دوماهی یا ئیمپراتۆری یا وانبێ ل تورکیا، بەلێ جارەکادن ئەز هەردوو سەرۆکا بنەدانا بەرسڤ لسەر عەبدوڵڵا گول و لێدوانێن وی هشیار دکەم و ئۆمێدەوارم کو بەرسڤەک هشک لسەر هەبێ، داکو باش بزانن کو گۆشتێ سەقەری و شێرێ ناهێتە خوارن بەلێ گۆشتێ ماری و رێڤی یان زۆرکەس هەنە بخۆن.

# ئەنجوومەنی جەماوەریی کەرکوک بۆچی؟

**م. بێستوم جەلیل**

ئەگەر بە پانۆرامای سێ کوچکەی بەعس (تەعریب، تەبعیس، تەرحیل)ی شاری کەرکوک بچینەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەر لەسەرەتای دروست بوونی ئەو حزبەوە لەبەرنامەیدا هەبووە کە درێژە بە داگیرکاری خاکی کوردستان و خەڵکی کورد بدات، بۆ ئەو مەبەستەش پەنای بۆ چەندەها رێگەی جۆراوجۆر بردووە، لەلایەک هەوڵی داوە بەناوی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە سیاسەتی بەعەرەب کردن پیادەبکات، لەلایەکی دیکەشەوە بە پێی بەرژەوەندییەکانی خۆی هەوڵی داوە ناحەزی و کۆنە قینەکانی نێوان کوردو تورکمان لە شارەکە زیندووبکاتەوەو کۆمەڵێک لە تورکمانەکان بکات بە رەفیق حزبی و ئەوانیش نەزانانە بکەونە گیانی خەڵکی کورد و لە شارەکە دەریان پەرێنن، سەرەرای هەموو ئەوانە بەعس پارەیەکی زۆری بۆ عەرەبەکان هەڵدەرشت و بۆ ئەو شارە دەیانیهێنا ، بەم پێیە هێواش هێواش خەریکی تەواو تەعریب کردنی شارەکە بوو، سەرجەم ناوی گەرەک و شەقام و فێرگەو تەنانەت مزگەوتەکانیشی گۆری بە عەرەبی. دوای رووخانی ئەو رژێمە ئاسۆی هیوای کورد و هاتنەدی خەونە دێرینەکانی تەواو روناک بووەوەو خەڵکی کوردی ئەو شارە بڕوایەکیان لەلا دروست بوو کە چیتر باوی تەعریب نەما, ئیتر رۆژی ئەمانەو گڵۆڵەی عەرەب لە شارەکە کەوتە لێژی. رۆژو هەفتە بەراییەکانی کاتی پرۆسەی ئازادی ئەوەیان نیشان دەدا کە هەرچی عەرەبی هاوردەیە حەزیان لە فرۆشتنی زەوی و خانووەکانیان بوو، بەڵام بڵاوکردنەوەی هەندێ هەواڵی چەواشەو ناراست کە گوایە حکومەت پارەی گەرانەوە دەدا بە عەرەبەکان بۆیە پێویست ناکات لێیان بکڕن، دواتر دابەش دەکرێ بەسەر ئاوارە کوردەکاندا، زۆرێک لە خەڵکی سارد کردەوەو خانووەکانیان نەکڕی و عەرەبەکان هەرمانەوە، هەروەها رێک نەکەوتنی هەردوو حزبە دەسەڵاتدارەکەی کوردستان لەسەر پۆستە سیادییەکانی ناو شاری کەرکوک و قەزاو ناحیەکان لەلایەک بووە هۆی بەدەست هێنانی کۆمەڵێ لەو مەنسەب و شوێنە گرنگانە لەلایەن عەرەبەوە، لەلایەکی دیکەشەوە کورد بەڕوویەکی دزێوو بەبێ هێزی بەرامبەر نەیارەکانی دەرکەوت، بۆیە ئەوانیش دیسانەوە دەستیان بە پێ داگری لەبەرژەوەندییە نارەواکانی خۆیان لەشارەکە کرد. دوای تێپەڕبوونی کات و چەند هەڵبژاردنێکی سەیرو سەمەرەو نووسینی دەستووری عێراقی ماددەیەکیان تەرخان کرد بۆ ئاسایی کردنەوەی بارودۆخی ئەو شارە، ئەو ماددەیە چەند ژمارەو ناوێکی بەخۆوە بینی هەتا لەسەر مادەی (١٤٠) گیرسایەوە. ئەم ماددەیە هەرچەندە زۆر بەباشی و بە شەفافی بەندەکانی شیتەڵ و روون نەکراوەتەوە بۆ خەڵکی کوردستان، بەڵام هەرچۆنێ بێت و بە هەموو کەم و کوڕییەکانیشیەوە ئێستا تاقە ئاوات و دوا هیوای کوردە کە بۆ خەڵکی ئەو شارە بێتەدی، کەچی شۆڤێنییە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق بە عەرەب و تورکمانەوە کە سەرەتا خۆیان وا پیشان دەدەن ئەمان دیموکراتین و پارێزگاری لە مافی هەموو مرۆڤی عێراقی و نەتەوەجیاوازەکان دەکەن، ئەوەش بەڕەوا نازانن بۆ کورد بکرێت بۆیە هەرجارەی بیانۆو گۆڕانکارییەکی بێ پرس لە لیژنەی جێبەجێ کاری ئەو ماددەیە دەکەن. خەڵکی شاری کەرکوک کە ئێستا نیگەرانن لە جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە لە کاتی دیاریکراوی خۆیدا کە ساڵی (٢٠٠٧)ە بە مافی رەوای خۆیانی دەزانن کە داوا لەسەرجەم ئەو لیژنەو کەسایەتییە کوردی و عەرەبی و تورکمانییە دڵسۆزانە بکەن کە لە جێبەجێ کردنی ئەو ماددەیە قسە دەکەن، بچووکترین سازش و دابەزین نەکەن لە بەرامبەر نەیارەکانیان، هەربۆیە ماوەیەکە کۆمەڵێک خەڵکی رۆشنبیرو یاساناس و نووسەرو سیاسەتمەداری ئەو شارەو شوێنەکانی دیکەی کوردستان لەناوخۆو دەرەوەی وڵات لەخەمی پێکهێنانی ئەنجومەنێکی جەماوەری بنکە فراوانن کە سەرجەم چین و توێژو رەنگەکان و تەنانەت گەرەک و کۆڵانەکان بگرێتەوە، لەلایەک بۆ پشتگیری کردن و هاوئاهەنگی کردنی لیژنەی باڵای دانراوی کوردە بۆ جێبەجێ کردنی ماددەی (١٤٠) و ترس خستنە دڵی (گووڵ و مالیکی و هاوپەیمانەکانیانە)، لە لایەکی دیکەش فشارێکە بۆ گیانی خودی دەسەڵاتی کوردی بۆ کارکردنی جدی و دڵسۆزانەی بەپەلە لەو بوارە، چونکە گەندەڵییە ئیدارییەکانی ئەوانە هەم تورک و عەرەبی وا لێکردووە بەو زمانەو بەو شێوەیە لەگەڵ کورد مامەڵە بکەن، هەم خەڵکی کوردیش نیگەران و بە گومان بن لەکارەکانییان و ئەو مافە رەوایە بە خۆیان بدەن کە هەر خۆیان درکەکان لە گیانی خۆیان دەربکەن، نەک جارێکی دیکە ئاوارە ببنەوەو تانەو تەشەرو گاڵتەیان پێ بکرێ.

# ڕێکخستن لە حزبی سیاسیدا

**مامۆستا/ نەوزاد حوسێن**



حزبی سیاسی کە رێککەوتن و یەکێتی نێوان کۆمەڵە کەسانێکی مەبدەئی و سیاسییە لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم بەم شێوەو چەمکەی ئێستا سەری هەڵدا، سەرەتا لەدوای هەڵبژاردن و دروست بوونی پەرلەمانەکان و پەیدابوونی کێشمەکێشم و ململانێی نێوان گروپەکان بنەمایەکی سیاسی دروست بوو بۆ حزبی سیاسی. دواتر کۆمەڵێ ئامانجی سیاسی و گرتنەدەستی دەسەڵات و گەشەکردنی هزری سەردەم کاریگەری خۆیان خستەسەر مرۆڤە سیاسییەکان و بیریان لە دانانی پەیرەوی ناوەخۆو رێکخستنێکی تۆکمە کردەوە بۆ حزبەکانیان. بۆ ئەم مەبەستەش پەنایان بردۆتەبەر کارە هەرە بزوێنەرو هەستیارەکانی هەستی ئادەمیزادو سەرنجیان بەلای خۆیاندا راکێشاوەو هێواش هێواش رێکخستنەکانی خۆیانیان پێ بەهێزتر کردووە، چونکە رێکخستن بۆخۆی رۆڵی لەخەبات و ژیانی گەلاندا هەیەو لەدابەشکردنی کارو فرمانەکاندا ئامادەبوونی هەیەو لە نێوان سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەدا شیرازەیەکی پتەو دروست دەکات. پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگەش لە وڵات و شوێنێکەوە بۆ وڵات و شوێنێکی دیکە بنەما فیکری و پێکهاتە هەرەمیەکەی حزب لەگەڵ خۆیدا دەگۆڕێ و هەر بەو پێیەش سەرجەم ئامانجە دوورو ستراتیژەکان و ئامانجە نزیک و تاکتیکییەکان دەگۆڕدرێن. لە قۆناغی رزگاریخوازی دا هزری نەتەوەیی و لە خەباتی چینایەتیدا چەپەکان لە ململانێی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەدا ئایین و رابەرە ئایینییەکان رۆڵیان هەیە لە دروست بوونی حزبی سیاسیدا. هەر ئەو رۆڵ و کاریگەرییانەیە کە سیستەم و حزب و رێکخستنی هەمەچەشن و جۆراوجۆری لێ دەکەوێتەوە، بۆ نمونە لە ئیسلامدا مەسەلەی حزب دووبەشە کە (مؤمن) و (مشرک)ە، دواتر مؤمنەکانیش لەناو خۆیاندا دەبن بەچەندەها تاقم و گروپ. لەمارکسیەتیشدا هاوشێوەی ئیسلام پارچە پارچە بوونی حیزبی ئامادە بوونی زۆرە... هۆکاری لاواز بوون و گەشەنەکردنی حزبی سیاسی یان هەڵوەشانەوەو پووکانەوەو دواتر نەمانی یەکجارەکی ئەو حزبە دەگەڕێتەوە بۆ لاوازبوونی بنەماکانی رێکخستن کە بریتین لە (سەرکردایەتی، بنکەی جەماوەری، پایەکانی رێکخستن، ئامانج و بەرژەوەندی، راگەیاندن و دبلۆماسیەت، دارایی و هەوڵدان بۆ دەسەڵات). ئەگەر حزبی سیاسی سەرکردایەتییەکی بوێرو چالاک و رۆشنبیری نەبێ و بە پێی بارودۆخی وڵاتەکە حەکیمیانە بەرنامەکانی حزب دانەرێژێ و مامەڵەیان لەگەڵ دا نەکات، بەدڵنیاییەوە لە کاروانی خەبات و پێشکەوتنی کۆمەڵگە دوا دەکەوێت و بیەوێت و یان نەیەوێت پەراوێز دەخرێ، بەتایبەتیش لە کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتیی وەکو کوردستان کە یاسای دارستان تیایدا بەرقەرارەو سەرکردایەتی دەبێ بە چرکە لەگەڵ رووداوەکاندا بڕواو لێی دانەبڕێ. دیسانەوە دەبێ هەر ئەو سەرکردایەتییە خەڵکی خوارەوە فێری ئەتەکێتی حزبی و سیاسی بکات و بەرژەوەندییە تایبەت و ئاشکراکانی خۆی بەلاوە بنێ لە پێناو گەشەی حیزبی و بەهێزکردنی بنکە جەماوەرییەکەی.. دابرانی بازنەکانی رێکخستن و ئاگا نەبوونیان لە یەکتر، بەسەر نەکردنەوەو پێدانەچوونەوە بە کاری کادیرو ئەندامەکان دەبێتەهۆی گەندەڵییەکی ئاشکرا کە دواتر بەناچاری لە ژوورە خۆشەکانەوە سوپاسی کەمتەرخەمەکان دەکرێ و سەرزەنشتی ئەندامە تێکۆشەرو ماندووەکان، دەرئەنجامی ئەوەش وازهێنان و ساردبوونەوە لە بنکەکانی خوارەوەی حزب دەست پێدەکاو حزب دەبێ بەکارتۆنێکی بەتاڵ و چیتر رۆڵی نامێنێ و بەرەو پەراوێزکردن دەڕوات. لە کۆمەڵێ حزب و رێکخراوی کوردستاندا ئەم راستییە بەرچاو دەکەوێ، بۆیە دوای ئەوەی کە تووشی ئەو حاڵەتە دەبن پەنا دەبەن بۆ هەندێ هەوڵی دەرەکی و مامەحەمەیی یان پرۆتۆکۆڵ کردن لەگەڵ ئەسپێکی دۆڕاو بۆ دەرباز بوون و هەستانەوە.. لە راستیدا ئاوی حزبایەتی کردن لە کوردستاندا هەروەکو عێراق وایە، لە دوای رووخانی رژێمی پاشایەتییەوە تا ئەمرۆ سیمای دیکتاتۆریەت بەسەرجەم حزبە دەسەڵاتدارەکانەوە زۆر بە زەقی دیارە، تەنانەت ئەم حزبانەی کە ئێستا لەسەر عەرشی دەسەڵاتن کە لەدەرەوەی دەسەڵاتیش بوون هەمان بەرنامەیان هەبووە، بەڵام سەرکردەی حزبی و سیاسی ئەگەر کوڵی نەداو توانی دەورپشتی خۆی پاک بکاتەوەو سەرجەم ئەو دەست و کوتلانە تێک بشکێنێ کە دەبنە هۆی لاواز بوونی حیزبەکەی دیارە سەرکەوتن هەر بەدەست دێنێ دوور بێت یان نزیک.. ئێستا لە سایەی پێشکەوتنی تەکنۆلۆژیای گەیاندنەوە، ئەرک و کاری حزبی تارادەیەک ئاسانتربووە، بەڵام دیسانەوە بەهۆی پێشکەوتنی فیکرەوە ئامانجی حزبی کە گرتنەدەستی دەسەڵاتە قورس تر بووەتەوە، بۆیە ئەگەر حزبی سیاسی وردتر و هۆشیارتر شۆڕنەبێتەوە بۆ ناو جەماوەرو نەتوانێ هەڵقەپچڕاوەکان پێکەوە ببەستێ، ئەگەر بەباشی نەڵێ باش و سوپاسی نەکاو خراپ و لاوازەکانیش دیاری نەکات، ئەگەر دبلۆماسیەتی سیاسییانەی نەبێ و نەتوانێ رەوشتی حیزبی پیادەبکات، دەبێ خەڵکی کوردستان تا دەمێنێ هەر بڵێ ئەم نانە بەو رۆنەو هەمیشە لە نایەکسانیدا ژیان بەسەربەرن، چونکە دەسەڵاتداری ستەمکار هەرکەس و هەر رەنگێ بێت بۆ جەماوەر یەک شتن ئەگەر خۆی بە باوکیش بزانێ.